# ڕەچەڵەک و مێژووی زمانی کوردی

جەلال حاجی زادە

**کورتەباس**

مەبەست لەو بابەتە شیکردنەوەی زمانی کوردی و خوێندنەوە و بەراوردێکی مێژوویی لە سەر زمانە کە لەپاڵ ئەوەشدا، وێرای کورتە باسێک لە مەڕ زمان، زۆر بە کورتی (و بە خێراییە کی ڕێژەیی) سەرنج دەدەینە سەر پێوەندی نێوان زمانی کوردی و بەراورد کردن و پێکهەڵکێشانی لە تەک ژێدەرە دیرۆکیەکان. دیارە پێویستە ئەو بابەتە تە نانەت لە ئاستی وروژاندنی مە بە ست و کردنە وە ی ئاسۆیەکی تایبە ت و سە رە تایی هەڵسە نگاندنی بۆ بکرێت.

**پێشەکی**

نابێ لەبیر بکەین کە کاریتە و بنەمای چەمکی شوناس لە سەر بەردی بناغەی خود ناسی، یا خود، ناسینی ئەجزای پێکهێنەری هۆوییەت دادەمەزرێ، مادامکە بەشەکانی ناوەرۆک داری بەرهەمهێنەری ئەو دیاردەیە نەناسین و لە باری گەشەپێدان و راهێنان کاری پێویستیان لە سەر نەکرێت لە راستیدا هۆوییەتێکی شاردراوە سەروەدەر نانێت، بەو پێیە لە سەر ئەو باوەرە سوورم کە، دین و ئۆلی کۆن (میترایی و زەردەشتی و یارسانی) و زمانی لەمێژینەی کوردی، دووپایە و دیرەکی سەرەکی هۆوییەت و شوناسی کورد پێکدێنن، دیارە لە ژێر پرۆسەی خودناسین، پێناسە کردن و توێکاری ئەجزا و بەشەکانی شوناسی کورد گرینگیەکی لە رادەبەدەری بۆ کورد هەیە، یەک لەو بەشانە بریتی یە لە زمانی کوردی، ئینجائەم وتارە بەو مەبەستە پێشکەش دەکرێت.

لە گەڵ ئەوەی کە زمان بە گشتی دەروازەی چوونە ژوور، بە جیهانی نەتەوەکانی تر بەدیدەکرێت، زمانی کوردی بەشی جیانەکراوی شوناس و فەرهەنگی خەڵکی کوردە و لە گەڵ ئەوەشدا فەکتۆریسەرەکی جیاکەرەوەی نەژادی و نەتەوەیی لە دراوسێیەکانی بە حیسێب دێت .پێوەندی نێوان هۆوییەتی فەرهەنگی و مێژوویی کورد لە گەڵ زمانی کوردی تا رادەیەکی بەرچاو مسۆگەرە. لەم رووەوە لەو باوەڕە دام کە زمانی رەسەن و دێرینی کوردی ،کاریتەپشت(ستوونی فەقەرات) ی نەتەوەی کورد بە ئەژمار دێت، شاردراوە نییە کە رۆڵی زمانی هەر میللەتێک لە سەر جەمسەر (مێحوەر) ی فەرهەنگی وئامرازی هۆوییەت پێدان بەو نەتەوەیە باو دەستێنێت.

زمان وەک گرینگترین ئامراز و هۆی پەیوەندی و زانیاری وەرگرتن و زانیاری پێدان،بەردەوام لە حاڵی گۆڕان و دۆنادۆنی و بزاچ دایە، هەروەک ئاڵو وێر و تەبادوولی نێوان فەرهەنگ وکلتوورەکان لەئارا دایە، زمانیش ئەو قۆناغە تێپەڕ دەکات، بێگومان هۆی زیندووبوونی زمانیش هەر ئەوەیە، لەبەر ئەوەیکە زمانی فەوتاو هیچ پێویستیەکی بە و کەرەسەیە نی یە.

ئەوەش روونە کەزمان بەسەبەبی زەرورەتی، پەیوەندی نێوان خەڵکان، هاتۆتە ئاراوە و لە ماوەی هەزاران ساڵ، بەم جۆرەی ئێستای پەرەی سەندووە. ئاشکرایە هەڵسوکەوتی نێوان گەلەکان لەباری شەڕ، فەرهەنگ، دین و ئایین، زانست و مامڵەی ئابووری و... دەبێتە هۆی گۆرانکاری و گەشەکردنی دوو لایەنەی زمانی خاوەن گەلەکان (منیره احمد سلطانی، واژگان فارسی در زباهای اروپایی ). زمان وەك کۆمەڵگا و بە پێی پێشڕەوتی کۆمەڵایەتی، قۆناغەکانی ژیان تێپەڕ دەکات، لەگەڵ ئەوەش تەواوی بەشەکانی زمان لەگەڵ تێپەڕ بوونی کات، گەشە دەکات، پەرە دەستێنێت و یان بەرەو نابووتی و مەرگ دەچێت. دیارە هۆی ئەوەش ئەمەیە کە، زمان وەکوو سیستمێکی دینامیکی و هاوکات لە تەك بێژەرانی دەجووڵێتەوە و پتەوتر دەبێت ؛ وە یان بەرەو دامرکان هەنگاو دەنێتەوە.

بە چاو خشاندنێکی سووك بەسەر مێژوودا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە زمانگەلی جۆراوجۆر وەکوو، زمانەکانی سۆمێری، ئاڤێستایی، لاتینی، فریگی، سانسکریتی و ... فەوتاون، ئەگەرچی ئەوەش شتێکی ئاساییە. دوکتۆر کاشانی سەبارەت بەو دیاردەیە دەنووسێت: «زمانی گەلی ئازەربایجان، ئاسیای بچووک و ناوەندی، چینی باختەری (هەرێمی سین کیانگ) لە رابردوودا، هیند و ئورووپایی بووە، بەڵام پەلامار و هێرشی گەلی تورک زمان (نزیکەی سەدەی پێنجی زایین بەرەو ئەملا) بۆتە هۆی فەوتان و تێداچوونی زمانە خۆییەکان» (فرهنگ ریشەهای هند و اروپایی زبان فارسی، منوچهر آریانپور کاشانی).

ئەوە لە لایەن زمانناسان و زانایان روون بۆتەوە کە هیچ یەك لە زمانەکانی زیندووی ئێستای دنیای مرۆڤ، هەمبەر زمانگەلی تر بەرزتر و نێوەرۆکدارتر نییە، واتە جیاوازی نێوان زمانەکان هیچ پێوەندیەکی بە پربارتر بوونی ئەو زمانە، وە یان کاکڵە و کەیفیەتی زمانەکانەوە، نییە، بەڵکوو بنەمای مەسەلەکە دەگەڕێتەوە سەر رادەی دەسەڵاتی فەرهەنگی و ئابووری، رامیاری و ژمارەی بێژەرانی زمانەکە )میشل مالرب، زبانهای مردم جهان).

ئەو دیاردەیەی کە بە زمانی فەرهەنگی، فەلسەفی، دینی وە یان فەرمی ناودێر دەکرێت، بە هیچ شێوەیەك، زمانێکی پربارتر و بایەخدار و دەوڵەمەندتر لە زمانەکانی دیکە نییە، بەڵکوو دەسەڵاتی سەنتەری و چرکراوەیە کە بەڕای خەڵك، بۆ پێرەوی و پەیڤین لەو زمانە هان دەدات، یا خود ناچاریان دەکات. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە دەسەڵاتی ناوەندی ئیمپراتووری رووم، زمانی لاتینی لە سەرانسەری ناوەندی خۆی بە زۆرەملێ داسەپاند، تەنانەت لەسەردەمی مەسیحیەکان بە ناوی زمانی دین ناساندیان، بەڵام لە کاتی ئێستادا هیچ نیشانەیەکی نەماوە و لە بەین چووە. کە وایە بۆمان دەردەکەوێت کە رەواج و فەرمی بوونی زمانێکی تایبەتی لەمەڕ گەلەکانی تر، بە هیچ شێوەیەك بە پڕ بار بوونی زاتی و تایبەتمەندی ناوەرۆکی زمانەکە لێکنادرێتەوە، هەر وەك لە پێشەوە باسمان لێ کرد، رۆڵی گرینگ و تایبەتی ئەم کەرەسەیە، بەندە بە ژمارەی قسەکەرانی ئەو زمانە و هەروەها جەغزە و رادەی دەسەڵاتی بێژەرانی زمانەکە، لە بواری سیاسی، ئابوری، مەزەبی و ... لەگەڵ ئەوانەش داڵدە و پشتیوانی سیاسی و ئابوری کاریگەریەکی قورسی هەیە، لکاو بەوەش، نرخ و بایەخی هەر زمانێك بە پێی رادەی کاریگەری و رۆڵێکە، کە ئەو زمانە لە بواری فەرهەنگی، دینی، فەلسەفە و جیهانبینی و ... لە گۆڕەپانی مرۆیی دەیخاتە گەڕ (میشل مالرب، زبانهای مردم جهان).

### خزمایەتی و پەیوەندی زمانەکان

لەمێژووی رابردووی مرۆڤ، ئەفسانەی برجی بابێل (لەئینجیلی عیسا ئاماژەی پێدراوە) کە وەک هۆکاری سەرەکی لێک هەڵاوردن و داپڕانی زمانەکان سەلمێندرابوو، راستیەکی مێژوویی زمانناسی پشت راست دەکاتەوە کە، لە لایەکەوە دووربوونی خەڵکانی هاوزمان، زاراوەوزمان گەلی جیاواز پێک دێنێت و لە لایەکی دیکەشەوە، زۆرێک لە زمانەکانی ئەورۆیی کە دەستەبەر کراون لەبنچینەدا هاوریشەن (cognate).

راستیەکی دیکەش هەیە کە هەرچی دەگەڕێینەوە دواوە، خزمایەتی و لێک نزیکبوونی زمانەکانی یەک بنەماڵە زیاتر دەبێت؛ بۆ نموونە، نزیکایەتی زمانی فارسی کۆن لەگەڵ کوردی کۆن زۆر زیاتر و بەرچاوتر لە فارسی نوێ دەگەڵ کوردی ئەورۆیە، هەمیسان پیوەندی و نزیکایەتی نێوان ئاڵمانی کۆن و زمانەکانی دیکەی بنەماڵەی هیند و ئوورووپایی گەلێک زەقتر و سەرنج راکێشترە تا لێکچوون و پەیوەستی زمانی ئاڵمانی ئەورۆ بەرامبەر بە زمانەکانی دیکەی سەردەم.

باوەڕی ئەفسانەی برجی بابێل تا نیوەی سەدەی هەژدە، لە رەواج دابوو، بەڵام بە دوای کاری زانستانە لەمەڕ زمانەکان، وێرای ئەوەیکە ئەو چیرۆکە بەتاڵ کرایەوە، هۆکاری سەرەکی و لۆژیکی جیاوازی زمانەکان کە هەڵدەگەڕێتەوە سەر ریشە و بنەمایی زمانەکە، تیشکی خرایەسەر .لە ساڵی (١٨٥٩) ی زایینی، روانگە و بۆچوونەکانی چارلز داروین شۆڕشێکی گەورەی بەرپا کرد، ناوبراو بە شێوەیەکی پوخت و شیاو، را و بۆچوونە کۆنەکانی لەمەڕ سەرچاوەی زمانەکان، لەگەڵ شک و گومان رووبەڕوو کردەوە و پایە و دیرەکی داستانی برجِی بابێلی هەژاند (منوچهر آریانپور کاشانی، فرهنگ ریشە های هند و اروپایی زبان فارسی : ١٦-١٧).

بەهۆی داگیرکردنی هیندوستان لە لایەن ئینگلیسیەکان و تێکەڵاوی پێکهاتەی نێوانیان (سەدەی هەژدە) تاقمێک لە رۆشنبیرانی ئینگلیسی سەرنجیان بۆ نووسراوە کۆنەکانی هیندی راکێشرا، ئەو نووسراوانە کە بە زمانی سانسکریتی وەبەر دەستیان کەوتبوو، نزیکایەتی و وێکچوونێکی زۆریان لەگەڵ زمانگەلی ئوورووپایی کۆن هەبوو، هەر ئەوەش بوو بە هۆی لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوانتر، بە تایبەتی دوای بەراورد کردنی سانسکریت لە گەڵ زمانی ئاڤێستایی و زمانەکانی پۆلی ئێرانی، بە جارێک سەریان سوورما. ئەوەش بوو بە سەبەبی تۆژینەویەکی رێک و پێک و رێگەی بۆ کاری زانستانە و ئاکادیمیکی تەخت و خۆش کرد.

یەکەم کەس کە بابەتی نزیکایەتی ئیحتمالی زمانگەلی ئوورووپایی لەگەڵ ئاسیایی بە وردی دایە بەر تەونی لێکۆڵینەوە، جیمز پارسۆنزی ئینگلیسی بوو، ناوبراو لە پەڕتووکە ئۆستوورە بە نرخەکیدا (THE REMAINS OF JAPHET...,١٧٦٧) نە تەنیا

خزمایەتی زمانەکانی نیشاندا بەڵکوو پێرستێکی تێروتەسەلی لە واژەکانی هەندێک لە زمانەکانی بە مەبەستی سەلماندن و تاپۆکردنی رای خۆی هێنایە کایەوە (کاشانی: ١٨).

بیرۆکەی هاوسەنگی وپێوەندیداربوونی زمانەکانی هیند و ئوورووپایی بۆ جارێکی تر لە لایەن مافناسی ئینگلیسی، سێر ویلیام جۆنز، بە فەرمی دانی پێدانرا و بە روونی باسی لێکرا. زانای باسکراو، لە وتاری پڕئاوازەی خۆی (دووەمی فێبریەی ١٧٨٦) ئاوا هاتە ئاخافتن: «زمانی سانسکریت کە پێشوونەکەی زۆر روون نییە، پێکهاتە و ستروکتۆرێکی سەرسوورهێنەری هەیە، لە (زمانی ( یۆنانی تەواوتر و کامڵتر و لە لاتینی دەوڵەمەندتر و پڕ واژەترە، بە شێوەیەکی زەقتر لە هەردووکیان رێکوپێک و پاڵێوراوترە، لە هەمانکاتیشدا لەگەڵ ئەو دووزمانە لە باری ریشە و ماکی ووشەکان و، هەروەها رێزمانیەوە زیاتر لەوەیە کە بە شتێکی سوتفە وهەڵکەوت لێی بروانرێت، ... هەر سێکیان لە سەرچاوەیەکی هاوبەش رەگیان داکووتاوە و چەکەرەیان کردووە،... هەروەها دەتوانرێت زمانی پارسی کۆن [مادی و ئاڤێستایی] لەو بنەماڵەیە بژمێردرێت.» (کاشانی: ٢١).

گرنگترین کتێبی زمانناسی، لە لایەن گریم (j.GRIMM) نووسراوە، ئەو زانایە بۆ یەکەمجار بە هێنانەوەی کۆمەڵێک نموونە، توانی وێکچوون و هاوریشە بوونی زمانی ئاڵمانی لەگەڵ زمانی سانسکریت مسۆگەر بکات (منیرَه احمد سلگانی، واژگان زبان فارسی در زبانهای اروپایی: ٥٢).

## تایبەتمەندی زمانی کوردی

ئەگەرچی بە شێوەیەکی ئاکادێمی و رێکوپێك لەسەر زمانی کوردی و مێژووی زمانەکەمان کاری پیویست نەکراوە، بەڵام توێژینەوە و شیکردنەوەی زمانی زگماکی یا خود ریشە و هۆوییەتی زمانی نەتەوەییمان، لەگەڵ ئەوەش زانیاری و ناسینی زمانەکەمان، ئەرکی پیویستی سەرشانی هەموو لایەکە. لە دەسپێکی تەوەری زمانی کوردی و بەر لەهەموو شتێک، ئەم پرسیارانەمان بۆ قووت دەبنەوە کە پێویستە لەسەریان بدوێین، هەرچەند برینی ئەو رێگەیە گەلێک دژوارە و سنووری زمانی کوردی وا بە ئاسانی دەسنیشان و دیار ناکرێت.

زمانی کوردی لە چی و لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ ئاخۆ شوێن و خولگەیەکی بۆ سەرهەڵدان هەبووە؟ ئایا زمانی کوردی زمانێکی سەر بە خۆیە؟ ئایا زمانی کوردی زاراوە و دیالێکتێکی ئاڵۆز و بێ قەوارەی زمانگەلی تر وەك فارسی کۆن لەژمار دێت؟ ئایا بۆ مسۆگەرکردنی کۆن بوون و رەسەنایەتی زمانی کوردی هیچ بەڵگە و خوێندنەوەیەك لە ئارا دایە؟ یان ئەو زمانە لە ئاسمانەوە بەربۆتەوە؟ یان زمانی جن و دێوە زمەیە؟ و گەلێك پرسیاری تر...

دیارە ئێمە دەبێت ئاگادار بین کە تۆژینەوە و توێکاری لەسەر کەرەسە و مێژووی زمان، پرۆسەیەکی زۆر چەتوون و گەلێك گرینگە، بەڵام ئەوە نابێتە هۆی ئەمە کە واز لە دراسەکان و لێکۆڵینەوە بێنین و بەو شێوەیە تەمەڵی و ناتەوانی یا خود نەزانی خۆمان لە ژێر لێڵ و سەخت بوونی ئەو رێگە و پێگەیە بشارینەوە، تا بەم جۆرە بۆ کەمتەرخەمی و نەزانی خۆمان دەلیل داتاشین. بۆ روون کردنەوەی ئاخێزگا و شوناس و رەسەنایەتی زمانی کوردی دەتوانین پشت بەو خاڵە بنەژەتیانە ببەستین:

١ -پاشماوە و ئاسەوارە دێرینەکان

٢ -پەڕتووك و تۆمار و کتێبە کۆنەکان

٣ -کتێبە مێژووییە کۆنەکان

٤ -ئاوردانەوە بۆ سەر بەرهەم و بۆچوونەکانی گەڕۆك و رۆژهەڵات ناسەکان

٥ -کەڵك وەرگرتن لە زانستی زمانناسانی و لێکسیکۆلۆژی لەمەڕ شیکردنەوەی ریشە و ستروکتۆر و بنچینەی زمانی کورد

٦ -مێژوو ناسەکان و پسپۆرانی زانستی زمان

٧ -شیکردنەوەی ماک و ریشەی ووشەکان لە باری ئیتمۆلۆژی

بێشك نەتەوەی کورد خاوەن زمانی تایبەتیی و دێرینەی خۆیەتی و هەزاران ساڵە بەو زمانە دەپەیڤی. ئاشکرایە، هەر چەشنە باس و لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی مێژووی زمانی کوردی پەیوەندیەکی نزیکی بە چاوخشاندن و پێداچوونەوەیەکی ورد بینانەی بە مێژووی کورد و کوردستانەوە هەیە، هەر بۆیەش بە پێویستیەکی سەرەکی دەزانین، پێش هەر دوان و گریمانەیەك سووکە ئاورێك بدەینەوە سەر مێژووی کورد و جوگرافیای کوردستان و کورتە باسێك لەو بارەوە بێنینە ئاراوە. هەر چەندە، دنیای بەربڵاوی ئێمەی مرۆڤ گەل، گەلێك کۆنە و رابردوویەکی دێرین و نەزانراوی هەیە، بەڵام بە لێکۆڵینەوە و تاوتوێ کردنی

شتوومەك و ئاسەوارەکانی سروشتی و ناسروشتی، هەروەها پشکنینی ئاسەوارناسی و گەل ناسی، لەگەڵ ئەوانەش بەراوردکردنی قاڵبی ئێسقانی بوونەوەر و ئینسانەکانی دێرین و تەمەن و شوێنیان، زانایان و پسپۆران بە هێنانە ئارای گریمانە و بەڵگە و داکۆمێنت، زانیاریەکی بەرچاویان وەدەس هێناوە و مێژووی نەتەوەی کورد و ئاریەکانیش داگر و هەڵگری ئەو شرۆڤە و بۆچوونەی سەروو دەبێت. بە وتەی دەقەکانی ئاڤێستا و بە گوێرەی بەڵگە دۆزراوەکان و رادەرپرینی زانایانی مێژوو، لە سەردەمێکی نەزانراو، نەتەوەی ئارياييەكان، لە وڵاتێکی سارد و سەهۆڵبەندانەوە، بەرەو رۆژهەڵاتی ناوین، واتە کێوەکانی زاگرۆس کۆچیان کردووە. پاشان لە داوێنی زاگرۆسەوە بەرەو دەشت و بانی ئێران و گشت ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جەمسەر و ناڤگەی رووبارەکانی دیجلە و فوراتەوە چەندین کۆچی تریشیان بووە. بەرە بەرە لە گۆرەپانی مێزوپۆتامیادا لە ژێر ناوی جیاواز بڵاو بوونەتەوە(دوکتۆر کونتنا، نامیلکەی ڤێدیداد- عەلائەددین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی،١٣٧١). بە گشتی دەتوانین هۆزەکانی کورد، کە زۆربەی هەرە زۆری زانایان و مێژووزانەکانی بیانی و خۆیی لە سەری ساغ بوونەتەوە و راکۆکی و یەکگرتوویان هەیە بەم جۆرە پۆلێن بکەین. هۆزەکانی کورد بریتی بوون لە حەوت هۆزی سەرەکی کە لەو نیشتمانەی کە بە کوردستان ناوزەد دەکرێ بڵاوبوونەتەوە.

یەکەم: گوتی(جودی) یان ئاراراتی

دووەم: لۆلۆ

سێهەم: میتانی

چوارەم: سیرەتی یان کورتی بەمانای دڕندە و ئازاردانی خەڵکی ناویان دەرکردوە لە زمانی هەورامی دا سیرەت واتە دڕك.

پێنجەم: کاردۆخی یان کاری

شەشەم: گوتی و هۆری

حەوتەم: سۆبارتۆ یان کاسی

هەشتەم: ماد.

زمانناسان، زمانی ئەو هۆز و گەلە ئارياييانە کە بەرەو مێزوپوتامیا و ئورووپا کۆچیان کردووە، بە بنەماڵەی هیند و ئورووپایی ناودێر دەکەن. لە کەواندا پیویستە بڵێین کە، زمانی هیند ئەورووپایی خۆی لە خۆیدا زمانێکی تایبەت و زاراوەیەکی پوخت و تاك و سەربەخۆ نییە، بەڵکوو هەموو ئەو زمان و زاراوەگەلە کە لە وڵاتانی ئێران، هیند، ئورووپا و ...قسەیان پێ دەکرێت بە بنەماڵەی، هیند و ئەورووپایی دەناسن، دەگونجێ بڵێین، بنزمان و دایکی گشت زمانی ئاريايەکان لە قەڵەم دراوە. توماس یۆنگ زمانی بنچینەیی و دایکی لە ژێر ناوی هیند و ئورووپایی دەسنیشان کردووە، پاشان ئێچ ماکس مولێر (١٨٦١) هەموو ئەو خەڵك و نەتەوەیانەی کە بە زمانی هیند و ئەورووپایی قسەیان دەکرد بە ئاريايی ناوزەنگی کردوون.

ئەگەر زمانی هیند و ئەورووپایی وەك دیاردەیەك تەرخان بکەین و هەمیسان زمانی هیند و ئێرانی وەکوو لقێکی بنەماڵەی هیند و ئەوروپایی دابنێین دەتوانین بڵێین زمانی کوردی بە زمانێکی تایبەتی و سەربەخۆی لقی ئێرانی لە بنەماڵەی زمانە هیند و ئەرووپایەکان و لە دەستەی چەند هیجایی بە حیسێب دێت، شایەد خاڵی ئەو رادەرپرینەش کۆمەڵێک خوێندنەوە و بەڵگەیە کە لەو بابەتەدا بەشێوەی خواروو لەسەری دەدوێین.

زمانی کوردی رازاوە بەچەندین زاراوەیە، واتە لە چەند زاراوە و دیالێکتی لێك نزيك پێکهاتووە کە شرۆڤەی ئاماری جوگرافیاییان بەم چەشنە دابین دەکرێت: (مێژووی دێرینی کوردستان، کتێبی یەکەم- فازل قەرەداغی).

١ -کوردەکانی سەروو (کرمانجی)

٢ -زاراوەی زمانی کوردی ناوەراست (سۆرانی)

٣ -زاراوەی زمانی کوردی باشوور (کرمانشانی، کەلی و لۆری)

٥ -زاراوەی زمانی کوردی زازا (دملی)

٦ -گۆرانی ( گۆران، هەورامی، کاکەیی و شەبەکی)

چەندین هۆکاری جۆراوجۆر هەیە کە سەبەبی جیاوازی نێوان زاراوەکانی زمانی کوردی یاخود شێوە و جۆری دەربرینی زاراوەیی، پێکدێنێت، لەسەر ئەو ئاستە دەتوانین ئاماژە بەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:

١ -بەر فراوانی بەرینایی خاك و جوگرافیای كوردستان و پەراكەندە بوونی خەڵكی خۆجێی ( بوومی ) كوردستان

٢ بەرفراوانی پانتای زمانی كوردی و كۆن و دەوڵەمەند بوونی زمانەكە

٣ -كۆچ كردن لە ناوچەكانی كوردستانی كۆن، واتە، رۆژهەڵاتی ناڤین و بانی ئێران

٤ كوێستانی بوونی زۆربەی نیشتەجێیەكانی نەتەوەی كورد و لێكداپرانیان بە هۆی سنووری سروشتی وەكوو، كێو و روبار و... وە هەروەها نەبوونی پەیوەندیەكی پێویست

٥ -كەم كاری لە نووسینی پەرتووك و پێداویستیەكانی، وەك مێژوو، دەستكەوت و پێشرەوتەكانیان، فەلسەفە و حیكمەت و بیر و بۆچوونەكانیان

٦ -سنووری ناسروشتی وەك دژایەتی دوژمنان و نەیاران، قەڵاچۆكردن و راگوێزان، ئاسیمیلاسیۆن و خاپوور كردن

٧ -سەرهەڵدانی زاراوەكان لە لای هۆز و گەلەكاندا، تەنیا ئاكامی جیا بوونەوەیان لە یەكدی نەبووە، بەڵكوو ئەو زاراوە و زمانانەش لە رێگەی تێكەڵبوونیان لەگەڵ زمانەكانی دیكەدا وەك زمانی قەوقازی، سامی و هی دیكەش هاتوونە ئاراوە

٨ -گۆرانكاری ئەنترۆپۆلۆژی كە لەناو زماندا رووی داوە

٩ - نەبوونی قەوارە و قاپۆرێكی ستانداردی زمانی كوردی

١٠ -لە ئارادا نەبوونی دەوڵەت و دەسەڵات و سەروەریەكی سەربەخۆی كوردی بۆ پشتیوانی كردن و گەشە پێدانی زمانی كوردی

١١ -كاریگەری خەتی بزماری (ئەلفوبێی نووسین) و ئاهەنگ و پیتەكانی نامۆ و بیانی، هەروەها جۆری دەربڕینیان لەمەڕ زمانی كوردی

١٢ -چەند هیجایی بوونی زمانی كوردی و ئاڵوگۆری پێویست لەسەر ماكی ریشەی ووشەكان

بە دەگمەن دەبینین و دەبیستین كە هۆیەكانی جۆراوجۆری زارێكی كوردی بە خاڵێكی نێگەتیڤ لێكدەدەنەوە و لەو روانگەوە دەڕوانە سەر زمانی كوردی، بەڵام دەبێ سەرنج بدەینە سەر ئەوە كە، ئەگەر چی زمانی كوردی بە چەندین زاراوە و دیالێكتی جیاواز دابەش بوون، بەڵام هەموو زاراوەكانی زمانی كوردی لەسەر بەردی بناغەی زمانی كوردی كۆن <<مادی>> دامەزراون و لە یەك ریشەوە سەر چاوەیان گرتووە، دیارە ماكی ووشەگەلی نێو زاراوەكان بە بێ زەحمەت ئەوە بۆ ئێمە دەسەلمێنێت، هەروەك زانای ناوبەدەر مینۆرسكی دەڵێت: زمانی كوردی لە چاخەكانی كۆن واتە بەر لە لێكداپرانی كوردەكان لە یەكتر بەرهەم هاتووە.(حیدر بهتویی، كرد و پراكندگی او در گسترەی ایران زمین: ٢٣). لە روویەكی دیكەوە زاراوەگەلی زمانی كوردی نیشاندەری دەوڵەمەند بوونی ئەو زمانە لێك دەدرێتەوە و پێداویستیە جۆراوجۆرەكان لە هەموو بوار و بەستێنێك (جگە لە شتوومەكی تازەداهاتوو) دابین و دەستەبەر دەكات .ئوجالان واتەنی، پارازتنی نێوان زاراوەكانی زمانی كوردی تا ئەوەیكە ماوەیەكی زۆری بە سەردا تێپەڕیوە، سەركەوتنێكی گرنگ بۆ كوردان و زمانی كوردی دەنرخێندرێت. (از تمدن كاهنی سومر بە سوی تمدن دمكراتیك - عەبدوڵڵا ئۆجالان،١٣٨٠: ٧٠۶).

## رەسەنایەتی و بنەمای زمانی كوردی

بە پێی زانیاری مێژووزان و ئاسەوارناسەكان پێشەنگ و پێشرەوترین گەل لەناو ئاریەكاندا هۆزی لولویی و گوتی بووە، ئەو هۆزانە بە تایبەتی گوتیەكان بە داهێنەری كشت و كاڵ لە مێژوودا ناویان دەركردووە و لۆلۆییەكانیش لەو سەردەمەدا زۆر پێشكەوتوو بوون(ئۆلمستێد- گریشمەن)؛

مێهرداد ئیزەدی پرۆفیسۆری پێشووی مێژووی رۆژهەڵاتی نزیك لە زانستگای هاروارد لە The Kurds:A Concise) (Handbookدا دەڵێت كە كوردەكان یەكەم كەس بوون بۆ بەكارهێنانی ئاژەل لە كشتوكاڵدا، ئاسنكاری (فلزكاری) و دروستكردنی كۆمۆن (اجتماع) و ئاور بۆ گۆزەگەری.

دیاكۆنۆف دەنووسێت:«لە كۆتایی چاخی بابلیەكاندا، گشت دەشت و مۆڵگەی ئێران بە گوتیۆم ناسراوە و ناوی گەلی گوتیۆمی (كوردەكانی) لە سەر بووە، هەڵبەت ئەوەش زۆر ئاساییە لەبەر ئەوەیكە ئاریەكان لە هەر شوێنێك بان نێوی خۆیان لە سەر دا دەنا.» ( میخائیل میخائیلویچ دیاكونوف، ترجمە روحی ارباب، تاریخ ایران باستان).

دوکتۆر سپایزار بە کۆکردنەوە و بڵاو کردنی کتێبی (هۆزەکانی میزوپۆتامیا) کە لە ساڵی (١٩٣٠) دا لە بۆستون بڵاو کراوەتەوە، بە دەلیل و بەڵگەی زانستی و متمانەدار، پەیوەندی کوردەکانی ئێستای لەگەڵ گەلی ‹‹ گوتی ‹‹کۆن تاپۆ کرد (پرۆفیسۆر مەحەممەد ئەمین زەکی بەگ- ترجمە، حبیب الله تابان، کورد و کوردستان:٦٢).

لە کەتیبە و تاشەبەردە نووسراوەکانی ئاشوریشدا (٣٠٠٠ پ.ز) ئاماژە بە رستەی "مات کورداکی" وەک کۆنترین ووشەی کورد (بەواتای خاکی خۆجێی کوردەکان) کراوە (دوکتۆر جەماڵ نەبەز) (فرهنگ کردستان، گیو مکریانی، کردستان مکریانی :مقدمە). هەڵبەت ئەو بەڵگانە لە لایەن گزنفۆنیش لە ناو پەڕتووکەکەیدا (ئانابازیس) و گەڕانەوەی دەهەزار کەسی )٤٠١.پ.ز)، دانی پێداهێنراوە. لە پاڵ ئەوانەشدا واژەی "کورتی" "گوتی-کورد) لەلایەن، ئەسترابۆن، مینۆرسکی، گزنفۆن، مار و... ئاماژەی پێدراوە و گەلێک شیکاریان لە بارەیدا هێناوەتە گۆڕێ (تاریخ ریشەهانی نژادی کرد،احسان نوری پاشا:-١٤١ ١٦٠).

"ئەو دیتانە، کە بۆ یەکەم جار لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین گەلی هوریەکان بە رەسەنایەتی ئاریایی، نیشتەجێیان دەست پێکرد لە رووی کەرەستە ودەیتای مێژوویی، ئاسەوارناسی و ئیتنیک ناسی،َشیاوی دەرک و «قابیلی فەهم»ە، وێکچوونی نێوان سترەکتۆر و بنیانی زمانی کوردگەلەکانی ئەمرۆیی لە گەڵ زمانی هوریەکان، ئەو راستیە دەدرکێنێ. بۆ نموونە ووشەی کۆنی کور بە مانای کێو دێت کەواژەی( کور (ووشەیەکی گوتییە.» (از تمدن کاهنی سومر بە سوی تمدن دمکراتیک ،عەبدوڵلا ئۆجالان،جلد ٢،١٣٨٠).

بێهزاد خۆشحاڵی نووسەری کتێبی (زبانشناسی کرد و تاریخ کردستان:٤٣) لەو بارەوە رای وایە کە ووشەی "کور" بە واتای "کێو"ە. ووشەی کور و کورتی لە ناو کەتیبەکانی ئاشور (٦٠٠ پ. زینگلات پی لیسر) ئاماژەی پێدراوە و لەبارەی ئەو هۆزە، شامانە سەری یەکەم دواوە.(غلام رضا انصاف پور، تاریخ سیاسی و جغرافیایی مردم کرد، (از شرقی ترین تا غربی ترین)، ،انتشارات مغان،١٣٧٩).

گوتیەکان کە بە یەکێک لە هۆزەکانی ئاریایی زاگرۆس دەناسرێن، بە بۆچوونی تاقمێکی بەرچاو لە مێژووزان و ئاسەوار ناسەکان رەچەڵەکی کوردانی ئەورۆیی پێکدێنن. بە وتەی نووسەری کتێبی (تاریخ قدیم شرق نزدیک، مستر هول:١٩٠-٨٨) و تاقمێک لە رۆژهەڵاتناسەکان، ریشە و رەچەڵەکی هەوەڵیەی گەلی کورد، دەگەڕێتەوە سەر گوتیەکان.

لکاو بەوانەش زانایانی وەک (هارتمان)، (نۆڵدکە) و (وایسباخ) گەیشتوونە سەر ئەو باوەڕەی کە هۆزی "کورتی" کە لە مێژووی یۆنانی کۆندا ناویان تۆمار کراوە هەر ئەو کوردانەی ئەمرۆیین (مقدمە ای بر کتاب تحفە ناصری در تاریخ و جغرافیای کوردستان،دکتر حشمت الله طبیبی،ل٧-٥).

وشەی گوتی بە زاراوەی فارسی هەمان گۆتۆ و کۆردۆیە، کە ئەویش هەمیسان بە مانای پاڵەوان و ئازا لێکدەدرێتەوە کە مامۆستا مەردووخ گوتەنی نازناوی مێژووی نەتەوەی کورد بەحیسێب دێت (تاریخ کورد و کوردستان، محەممەد مەردۆخی کوردستانی).

لەو بارەوە (احسان نوری پاشا) دەنووسێت: تاقمێک لە کۆنینە ناسەکان لەو بروایەدان کە "جودی" لە وشەی هۆزی"گوتی (GUTIو ژوتی وەرگیراوە و لە سەدەکانی دوایی، واتە بەر لە (٥٠٠)ی پێش زایین نێوی گوتی بە کاردا، کورتی و کوسیی گۆڕدراوە (تاریخ سیاسی و جغرافیایی مردم کرد،(از شرقی ترین تا غربی ترین)،غلام رضا انصاف پور،انتشارات مغان،١٣٧٩-ل٣٣).

لە مێژووی هەورامانی کۆنیشدا گۆتۆ یا ژۆتۆ وە یان گۆدۆ یا خود کوردۆ نووسراوە. زانای زمانەوانی بە ناوبانگی ئاڵمان و ئەورووپا پرۆفیسۆر تیۆدۆر نۆڵدکە لەسەر پێوەندی وشەی (کاردۆ) بە (کورد)ەوە، باسێکی زۆر گرینگی هێناوەتە ئاراوە و بە شێوەیەکی زانستی و بەڵگەدار، ئەوەی مسۆگەر کردووە. درایوێر، دەر ئەنجامی تۆژینەوەکانی خۆی لەمەڕ وشەی کورد ئاوا دەردەبڕێت ‹‹... کاردا، کاردۆخی، کورتۆخی، کارداک، مسیرتی، غوردیایی، غوردۆئی، کادا، کاردا، کارداویە و کاردایە، کارتاوایە و کوردائیا و گوتی ... گشتیان یەکن، لە هەمان حاڵدا کە وەکوو یەک ناچن بەلآم بە پێی وشەی کاردۆخی گزنفۆن و کارای سۆمێریەکان هەموویان ناوی یەک عەشیرەتن›› ( پرۆفیسۆر مەحەممەد ئەمین زەکی بەگ- ترجمە؛ حبیب الله تابان، کورد و کوردستان). پێوەست بەوانەش دوکتۆر سپایزار(هۆزەکانی میزوپۆتامیا: ١٧) جەختی کردۆتەوە کە، کارا، کادا، کاردۆخی،

کورتی، گوتی و کوردی [لە سەر یەک] بە مانای کوردە .پرۆفیسۆر مەحەممەد ئەمین زەکی بەگ دەنووسێت: (...هێندە کە جیا کردنەوەی کورتی لە گوتی مومکین نییە، بەو رادەیەش لەوەیکە دانیشتوانی ئەمڕۆکەی کوردستان لە وەچەی هەمان گوتیەکانن گومانێک نابێ بخەینە دڵمان). (تحقیقی درباره کرد و کردستان- پروفسور محمدامین زکی- ترجمه و توضیح – حبیبالله تابانی- انتشارات آیدین-١٣٧٧- ل٦٤).

ئەسترابۆن جوگرافیازانی یۆنانی لە ساڵی (٦٠)ی پێش زایین، نەخشەیەکی کێشاوەتەوە و لەسەر نەخشەکەی ووشەی (کلادەک و کورتی) داناوە، کە هەمان ‹‹کارداک›› و کوردە.

لە راستیدا وشەی کارداک، کاردۆک، کاردۆ، کۆردۆ، و کورد بە واتای پاڵەوان دێت(مامۆستا محەممەد مەردۆخی کوردستانی، تاریخ کورد و کوردستان).

بەو پێیە بۆ تۆمارکردنی مێژووی راستەقینەی نەتەوەی کورد، پێویستە مێژووی دێرینی دەوڵەتەکانی، گوتی، سوباری، لۆلۆیی، کاسی، میتانی، نایری، موشکی، خالیدی، ماننایی و ماد، کە بابوباپیرانی نەتەوەی کورد بە دامەزرینەریان دەناسرێن لە یەک جێ کۆ بکرێتەوە و بنووسرێ (تاریخ ریشەهای نژادی کورد، احسان نوری پاشا،ل١٤). بەبێ قسە، ئەوانە دوو خاڵی گرینگمان بۆ وەدەر دەخەن:

یەکەمیان ئەوەیە کە ئەمانە گشتیان ئاڵوگۆڕێکی رێزمانین و هەر هەموویان لە کۆتاییدا دەگەڕێنەوە سەر وشەی کورد، دووهەمیان ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە، ئەوانە هەرکامیان ناوی هۆزەکانی کوردن، کە لە ولآتی مێزوپۆتامیادا، یا خود چیاکانی ئارارات و کێوی گودی کە لە قورئاندا بە جودی (وستوت و علی الجودی) ناو برداوە، ژیانیان بەسەر بردووە) .اسرم لیرە) لە ئەنسکلۆپێدیای ئیسلام بەرگی یەکەم لاپەڕەی (١٠٦) دا بەو جۆرە رای خۆی دەنووسێت: "نووسەرانی نەمساری بە شاخی جودیان وتووە شاخی کوردان".

رەنگە بتوانین ئەوە دەربرین کە، لە لایەکەوە مێژووی کورد تەمەنێکی زۆر درێژ و دێرینی هەیە و لە لایەکی دیکەشەوە جوگرافیا و خاکی کوردستانی کۆن، بریتی بووە لە ئێران، دەشتی( فەلاتی ئێران ) ئێران و زۆربەی ناوچەکانی مێزوپوتامیا، واتە سنوورەکانی سروشتی کەندا وی فارس، دەریای مازەندەران و دەریای رەش ( حیدر بهتویی –کرد و پراکندگی او در گسترەی ایران زمین-ل١)- ( عەلائەددین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی،١٣٧١- ل٢١).

هەر وەک ئاماژەی پێدرا،زمانناسەکان، زمانی ئەو هۆز و گەلە ئارییاینەی کە بەرەو رۆژهەلآتی ناڤین و رووبارەکانی دیجلە و فورات و ئورووپا کۆچیان کردووە، بەبنە ماڵەی هیندو ئەورووپایی دابین دەکەن.

دیاکۆ نۆف دەڵێت: ‹‹لە نیوەی هەزارەی دووهەمی پ.ز لەناو زمانەکانی ئاسیادا، وشەگەلی هیند و ئەورووپایی بە چەشنێکی ئاشکرا وەبەر چاو دەکەوێت؛ لە سەدەکانی (١٦-١٥)ی پ.ز لە رۆژهەلآتی ناویندا، دەوڵەت و کیشوەرێک بەناوی میتانی هەبووە کە پاشاکانیان نێوی هیند و ئورووپاییان لەسەر بووە (و.س. گویوا، ترجمە ولی الله شادان، دستور زبان فارسی میانە).

هەر دیاکۆ نۆف دەبێژێت کە "... لە باری زمانەوە دەبێت بڵێین لە نیوەی هەزارەی دووهەم تا سەرەتای سەدەی نۆهەمی پ.ز، زانیاری و داکۆمێنتی پێویست لە ئارادا نییە کە نیشان بدات هۆز و گەلێک هەبوون کە بە زمانەکانی هیند و ئورووپایی قسەیان کرد بێت". (و.س. گویوا، ترجمۀ ولی الله شادان، دستور زبان فارسی میانە).

دوکتۆر سپایزار بە پێی لێکۆڵینەوەکانی، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە «هەر چوار هۆزەکانی زاگرۆس واتە کوردە ئاراراتیەکان ( لولویی - گوتی - کاسی - سۆباری ) هەرکامیان خاوەنی زمانی ئاخافتنی تایبەت بە خۆیان بوون، ئەگەرچی بە هۆی لێک جیابوونەوە و قەڵمرەوی جوگرافیایی ژیانیان، هەندێک جیاوازیان تیادا وەبەر چاو دێت، بەلآم هەموویان لەسەر یەک بنەمای زمانی، کە بە زمانی [کوردی کۆن] دەناسرێت، پەیڤینیان بووە) «.هۆزەکانی میزوپۆتامیا-پرۆفیسۆر سپایزار- ل١٢٠-١١٧).

هەندێک لە رۆژهەلآتناسەکانیش دەڵێن؛ هەر چوار بەشەکەی زاگرۆس بە زمانی ئاری (هیند و ئورووپایی) قسەیان کردووە. زمانی لۆلۆبیەکان لە نەتیجەی توێژینەوەکانی هۆسینگ (Housing) دا، بە لقی ئیلامی پێوەندی پەیدا دەکات، کە وێکچوونێکی زۆری ئەو زمانە لەگەڵ زمانی هۆریەکان بە دەستی سپایزار تیشکی خراوەتەسەر و هەروەها ئولمستێد و سپایزار لولویەکان بە باپیرە گەورەی لورەکان دەزانن (تحقیقی درباره کرد و کردستان- پروفسور محمدامین زکی- ترجمە و توضیح – حبیبالله تابانی- انتشارات آیدین-١٣٧٧-ڵ٦٢).

دیاکۆنۆف، ڕەنگاڵەکی ڕەگەز و پێکهاتەی مادەکانی بە کوتیەکان، لولوبیەکان، مێهرانیەکان، کاسیەکان، ئیلامی و هۆریەکان ناوبردووە (تاریخ ماد،دیاکونوف،ل٣٠).

هەرچەند لە زمانی پێشوونەی ئاریەکان تا ئێستە بەڵگەیەکی ئەوتۆمان بەدەست نەگەیشتووە، بەڵام ئەو نموونە بەڵگانە، ئەو ڕاستیە سەرنج ڕاکێشەرە بۆ ئێمە زەق دەکاتەوە و ئێمە لەو ڕایە نزیک دەکاتەوە کە یەکەمین نەتەوە، کە مێژوو ناوی تۆمار کردووە، لە ڕۆژهەلآتی ناوین و ئاسیای ناوەڕاست (بە وتەی سەرووی دیاکۆنۆف)، وە هەروەها دوایش لە خاکی ئێراندا، بە زمانی هیند و ئەورووپایی و لقی هیند و ئێرانی ئاخافتنی بووە، نەتەوەی ڕەسەن و ئاریایی ڕەگەزی کوردە و ئەمەش ڕێی تێدەچێت.

دیارە هۆزەکانی ئاریایی پێش کۆچ کردن و بلآوبوونیان بە هۆی ئەوەیە کە یەک گەل و نەتەوە بوون، بە یەک زمان قسەیان کردووە، هەر ئەو زمانە کە بە ناوی زمانی ئاریایی دەناسرێت و ناوی لێ دەبەن. ئەوەش ڕوونە کە دوای چەندین سەدە لێکجیا بوونەوە لە باری بارودۆخی ناوچەیی و کەش و هەوای سروشتی و نەبوونی پێوەندی نێوانیان، لەگەڵ ئەوانەش ئاوێتە بوونیان لە تەک خۆییەکان، ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لە نێوان زمانی دیالۆگیان بەدی هات کە بە دەستە گەلی جۆراوجۆری زمانی، واتە بنەماڵەی زمانەکانی هیند و ئورووپایی و بنەماڵەی هیند و ئێرانی، پاشان گروپی زمانەکانی ئێرانی دابەش بوون. بە دەستەواژەیەکی دیکە، کۆچەرانی بەرەو باشوور لەژێر دەستەی زمانی هیند و ئورووپایی ناوبانگیان دەرکردووە، بنەماڵەی هیند و ئورووپایەکانیش دوای لێک داپرانیان بە گروپی زمانەکانی هیند و گروپی زمانەکانی ئێرانی ناویان لێبردراوە.

ئەگەر زمانی هیند و ئورووپایەکان بە دیاردەیەک، تەرخان بکەین کە هەر بە هەموو ئەو زمان و زاراوانە دەگوترێت کە لەسەر بناغە و بنەمای زمانی ئاریایی داڕێژراون، دەگەینە سەر ئەو باوەڕە کە واتای زمانێکی تایبەتی و بریتی لە تاکە زمانێکی سەربەخۆ نیە، هەمیسان ئەگەر هیند و ئێرانی وەک لقێک لە بنەماڵەی هیند و ئەورووپایەکان دابنێین، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە "زمانی کوردی ئێستا" بە زمانێکی تایبەتی و سەربەخۆی لقی ئێرانی لە ناو بنەماڵەی زمانە هیند و ئورووپایەکان و دەستەی چەند هیجایی ‹‹تەوەری سێهەم›› دێتە ئەژمار .هەروەک ئاماژەمان پێدا، هەموو گەلەکانی ئورووپا (جگە لە باسک و گەلانی ئورال – واتە هەنگار و فنلەندی و ...) سەرجەم گەلانی ئێران (جگە لە عەڕەب، تورکەمان و ترکەکان) و باکووری هیند بە زمانی هیند و ئورووپایی دەئاخڤن.

فازل قەرەداغی، لە پەڕتووکی (مێژووی دێرینی کوردستان) دەنووسێت ›› :زمانەکانی هیند و ئورووپایی بە دوو گروپی، کۆمەڵەی ڕۆژهەلآتی ››ساتیم‹‹ (ئەرمەنی، ئێرانی، هیندی، ئیسلاوی، باڵتین) و کۆمەڵی ڕۆژئاوایی ‹‹کینتوم›› (ژێرمەنی، لاتین، یۆنانی، سەڵتیک) دابەش دەکرێن .هەر لەو ڕەهەندەشەوە دەتوانین بڵێین کە ڕەنگە ژینگە و ناوچەی خەڵکانی هیند و ئورووپایی لە ئاڵقەی سنووری نێوان ئەو دوو گرووپەدا بێت.

جیاوازی سەرەکی نێوان هەر دوو گرووپەکە، دەربڕینی دەنگی پیتی (س)یە، لە کۆمەڵەی ڕۆژهەلآتیدا بە دەنگی (س) کرک دەکرێت و لەوەی تردا، هەر وەک خۆی، یانی (ک) دەردەپردرێت. هەر بەو هۆیەشەوە بە سایتمی و کینتومی نێوان لێ بردراوە.

خاڵێکی زۆر گرینگ کە بە ڕاشکاوی دەبێت دەری ببرین ئەوەیە کە خزمایەتی و نزیکی و هەروەها لەیەک ڕەگەز و خێزان بوونی ئەم گەل و نەتەوانە، ئەو زمانەیە کە قسەی پێدەکەن و لە ڕاستیدا بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە. بە واتایەکی تر تاکە دەستاوێژ و بەڵگەی خزمایەتی و لەیەک بنەماڵەبوونی زمان و ڕەگەزی، گەلەکانی ئێرانی و هیند و ئورووپایەکان، ڕیشە و بنچینەی زمانی ئاخافتنیان بەدی دەکرێت.

بۆ تیشک خستنە سەر ئەم وتەیە دەتوانین پەنجە بۆ تاقمێک نموونەی خوارەوە ڕابکێشین و ئەم وشانەی خشتەی ژمارە (٢) ش وەک بەڵگە و نموونەیەک بێنینەوە.

بەهەرحاڵ زانایانی زمان وێڕای ئەوەیکە وێکچوونی ڕواڵەتی و ڕیشەی زمانگەلی جۆراوجۆریان خستۆتەبەر لێکۆڵینەوە، وێکچوونی ڕێزمانیشیان لەبەرچاو گرتووە، چوونکە هەمیشە هەروەک ئەراسمۆس ڕاسک دەڵێت، تەنیا لە یەکچوونی ڕواڵەتی وشەی زمانەکان نابێتەهۆکاری بێ ئەملاو لای هاوریشەبوون.

بۆ زیاتر روون کردنەوەی ئەو مەبەستە کە زمانی کوردی و فارسی و هیندی کۆن و ئاڤێستایی لە باری هاوبەشی تایبەتمەندی فۆنەتیکی و ریشەی واژەکان و سترەکتۆری بنەمای وشەکان هەر لەیەک بنەماڵەن، دەتوانین ئەم وشانە کە لە خشتەی ژمارە ( ۴ ) دا وەک مشتێ لە خەروار هاتوون، بخەینە روو.

زۆر ئاشکرایە و ئەوەش نابێ لەبیر بکەین کە بە درێژایی رۆژگار، گۆرانکاریەکی قووڵ بە سەر ئەو زمانانەدا هاتووە، بە جۆرێک کە تەنیا لە ریشە و بنچینەدا دەتوانین خزمایەتی و نزیک بوونیان نیشان بدەین؛ بۆنموونە گورانکاری سروشتی ووشەی (ئەژنۆ)ی ئاڤێستایی لە ناو زمانی ئاڵمانی دەدەینە بەر لێکۆڵینەوە: (منوچهر آریانپور کاشانی ،رهنگ ریشه های هند و اروپایی زبان فارسی، – ل۲۳).

هەڵبەت ئەوە، بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە سەر ئەم مەسەلە کە زمانی هیند و ئوروپایی لە دەستەی سێهەمدا جێگیر دەبن، ئەو تایبەتمەندیەش خۆی لە خۆیدا خاڵێکی پۆزیتیڤ دەژمێردرێت.

تۆژینەوەی دۆزراوەکانی ئاڤێستایی و مادی (هەمان ئاسەواری دۆزراوەی سەردەمی هەخامەنەشی) لەلایەکەوە و هەروەها بابەتەکانی سانسکریت و هیندی کۆن لەلایەکی دیکەوە، نیشان دەدەن کە ئەو دوو هۆزە لە خەڵکانی هیند و ئورووپایی بەر لەکۆچ کردنیان بە یەک زمانی وەک یەک و تاک قسەیان کردووە.

بە هەر حاڵ نزیک بوون و وێکچوونی کوردی ئێستا بە تایبەتی کۆی زاراوەکانی زمانی کوردی لەگەڵ ئاڤێستایی و هیندی کۆن تا رادەیەک خۆی دەنوێنێت کە دەتوانین بە شێوەیەکی رواڵەتی، ئاڤێستایی بە کوردی و بە پێچەوانە، پاچڤە، بکەین، بە بێ ئەوەیکە وشە و رستە کە لە بناغەی دەستوور و پرەنسیپی خۆی بترازێت.

### پەیوەندی نێوان زمانەکانی ئاڤێستایی، مادی و کوردی

دارمستتر، نووسەری کتێبی (تتبعات ایران) دەنووسێت: ‹‹زمانی مادەکان (کوردە رۆژهەلآتیەکان) زمانی ئاڤێستا بووە» (تاریخ ماد از دیدگاه باستان شناسی،عبد الرضا مهاجری نژاد-ل۵۴). مامۆستا مەردووخ دەبێژێت: "بنچینەی زمانی کوردی رۆژهەلآت بە شێوەیەکی تەواو، بریتییە لە زمانی مادی ئاڤێستا، ریشە و بنچینەی زمانی ئاریایی کۆن، کە زمانی ( ئانزان) یان پێ گوتووە، بە باوکی هەموو زمانەکانی (ماد، هیند، پارس و... ) ئەژمێردرێن". دیاکۆنوفیش ئەوەی سەلماندووە کە پەڕتووکی پیرۆزی ئاڤێستا بە یەکێک لە زمانە کۆنەکانی ئێران نووسراوە، لەباری سەپک و رێزمان و پرەنسیپی زمان، لە زمانی ئێرانی کۆن کە گڵینە و کەتیبەکانی هەخامەنیشیەکانیشی پێ نووسراوە (هەروەها لە زمانی هیندی کۆن) جیاوازیەکی ئەوتۆی نییە. زمانی کوردی هەر ئەو زمانەیە کە ئاڤێستای پێ نووسراوە، دارمستتر بە تەواوەتی هەر گومانێک لا دەبات و دەنوسێت: (ئاڤێستا) بە زمانی (ماد)ی نووسراوەتەوە) (غلام رضا انصاف پور،انتشارات مغان،۱۳۷۹). دارمستتری فەرەنسەوی لە درێژەی باسەکانی لەسەر ئەو باوەڕە سوورە کە زمانی ئاڤێستایی هەمان زمانی مادەکانە، کە کوردەکانی ئەورۆ بە ئەژمار دێن یاخود زمانی کوردی ئێستا پاشماوەی زمانی مادییە. ئەو باوەڕە لە لایەن ئوستاد پورداودیش جەختی لەسەر کراوەتەوە. مامۆستا مەردوخ دەڵێت: "زەند و ئاڤێستا هەروەکوو زمانی ماد، نووسراوەتەوە کە کوردی ڕەسەنە و لە زمان و دیالێکتی موکری دەچێت، (هورات) و (درستەر) هاودەنگ لەگەڵ چەند زمانناسێکی تری جیهانیدا لەو بارەیشەوە هەمان راقەیان هەیە (عەزیز ئالانی، لەپێناوی زمانەکەماندا-ساڵی۲۰۰۵- ل۱۰).

دیاکۆنۆف لە پەڕتووکی مێژووی مادا دەنووسێت: خەڵکی ماد لە سەرەتاوە بە زمانی ئاڤێستای کتێبی پیرۆزی ئایینی زەردەشت کە یەکێ لە کۆنترین زمانەکانی ئێرانە قسەیان کردووە (تاریخ ماد،دیاکونوف،ل۶۲).

ابن خلدون دەڵێت: ( ماد ) و ( کورد ) هەر یەکن. ( حەسەن پیرنیا )ش دەنووسێت: ( مادەکان ) ئارین و باپیرە گەورەی ئەو کوردانەن کە بە موکریانی ناسراون یا خود کوردی موکرین، زمانی دێرینی ( ماد ) هەمان زمانی ) موکری ) ئەمڕۆیە(عەزیز ئالانی ،لەپێناوی زمانەکەماندا- ۲۰۰۵).

بۆ وێنە، دەتوانین ئاماژە بە وێکچوونی، تاقمێک لەم ووشانەی خشتەی ژمارە ( ۵ ) کە بە ووشەگەلی مادی ناسراون، لەگەڵ کوردی ئێستا بکەین )زبان کردی و لهجەهای آن، دکتر نامیق صفی زاده، مجله آناهید، ل۸۵ ،شمارۀ چهارم، دیماه ۱۳۸۳).

لە ڕاستیدا پێوەندی ڕاستەوخۆی نێوان زمانی مادی و کوردی ئەورۆ لە دوو لایەنەوە ڕوون کراوەتەوە، لە لایەکەوە گومان لەوە ناکرێت کە کورد لە نەژاد و نەسڵی مادن، لە لایەکی دیکەشەوە زمانی کوردی کت و مت زمانی مادی دەناسرێت. (سایس) لەم باوەڕەدا بووە کە، «گەلی ماد چەند هۆزێکی کورد بوون کە لە خۆرهەلآتی ئاشوور تا خوارووی دەریای قەزوین، سنووری ولآتەکەیان بووە، لە بنەڕەتدا یا خود ڕەگەزدا (ئاری)ن و لە ڕووی زمانیشەوە (هیند و ئورووپایی) ن.» (عەلائەددین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، ١٣٧١- ل ٢٢-٢١).

واسیلی نیکیتین وای بۆ دەچێت کە:‹‹ڕەگەزی کورد، دیاردەی هۆزەکانی کۆنی گوتی، لولو، مانایی، سوباری، نایری، میتانی، کوردۆک و ئۆرارتۆیە، کە بێگومان هەموویان بە زمانی مادی، کە هەر یەکەیان زاراوەی جیاوازیان بووە، گفتگۆیان کردووە. ›› ( کورد وکردستان،واسیلی نیکیتین،١٩٦٠- ل١٢،٨).

ئاسەوارناسی ناوبەدەر، ئوستاد سوون نووسیوەتی؛ ‹‹کوردەکان لە نژاد و ڕەگەزی مادن، وە ئەشو زەردەشت کتێبی ئاڤێستای پێ نووسیوە. ›› (دودمان آریایی کرد کردستان، مظفر زنگنه-ل ٢٧-٢٦).

بەو زانایانە دەتوانین (دۆمەرگان)، (کێتیز یاس)، (پلوتارک)، (هانس کۆنترینێز) و (لووشان) یشی پێوە زیاد کەین کە هەر لەسەر ئەو بیروڕایە پێیان داگرتووە (هەمان سەرچاوەی سەروو). (زبان کردی و لهجه های آن،دکتر نامیق صفی زاده،مجله آناهید، ل٨٥،شمارۀچهارم،دیماه١٣٨٣).

پرۆفیسۆر ویلیام جاکسن کە زیاتر لە هەر کەس دەربارەی زەردەشت لێکۆڵینەوەی کردووە، لە سەر ئەو باوەڕە جەختی هەیە کە ( ... موکریەکان نەوەی ڕاستەقینەی مادەکانن، لەبەر ئەوەیکە لە نێوان ئێرانیەکاندا زیاتر لە هەموویان بە زێد و مەڵبەندی لە دایکبوونی زەردەشت نزیکتر بوون و تەنانەت ناسراون، لە لایەکی دیکەشەوە بە زمانێک پەیڤینیان هەیە، کە زیاتر لە هەموو زاراوەکان و زمانەکانی تر، بە زمانی زەردەشت "ئاڤێستایی" نزیکترە. ) ( تحقیقی درباره کرد و کردستان-پروفسور محمدامین زکی-ترجمه و توضیح –حبیب الله تابانی-انتشارات آیدین-١٣٧٧ ). میجرسۆن ئاوا رای خۆی دەردەبڕێت "...هەر ئەو کوردۆێنانە ڕەگەزی کوردی ئەورۆ و نەوەی مادەکانی بەناوبانگن".

پرۆفیسۆر مەحەممەد ئەمین زەکی لەسەر ئەو ڕایە پێ چەقاندووە کە، ئیتر جێی هیچ گومانێک نییە کە زەردەشت لە باکووری ناوچەیەک پێی ناوەتە مەیدانی ژیان کە ئەورۆ بە ناوچەی موکری دەناسرێت، زمانی ئەو ناوچەیەش نزیکترین زاراوەیە لە نووسراوەکانی زەند و ئاڤێستا، واتە دەتوانین بڵێین لە بنەڕەتدا زمانی کوردی [ئەورۆیە]. هەڵبەت ئەو بیر و ڕایە لە لایەن هوارت (Huwart) و دار مستتر و تاقمێکی دیکە کاری زۆر لەسەر کراوە، بەجۆرێک کە بە ئەو دەرئەنجامە

گەیشتوون کە ئاڤێستای زەردەشت بە زمانی مادی و کوردی ئەورۆ نووسراوە. هیچ هۆیەک نییە کە گومان لەو بۆچوونەی سەروو بکەین، دیارە وێکچوونی وشەگەلی ئاڤێستایی لەگەڵ کوردی ئەورۆ و هەڵسەنگاندنی لەگەڵ فارسی ئەورۆ لە خشتەی ژمارە (٦)دا بە ڕوونی ئەو ڕاستیە بۆ ئێمە دەسەلمێنێت .بە پێی ئەو خشتەیە دەتوانین بەو دەرئەنجامە بگەین کە زمانی کوردی ئەورۆ لە لایەکەوە، ڕاستەوخۆ لە زمانی ئاڤێستایی کەوتۆتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە لە هەڵسەنگاندن دەگەڵ فارسی ڕەسەنایەتی و پێوەندی خۆی زیاتر پاراززتووە. بە تێبینی و هەندێک وردبوونەوە لەسەر ئەو بەڵگە حاشا هەڵنەگرانە و ناوەرۆکی بابەتەکە، دەتوانین ئەو خالآنەی خوارەوە بە ڕاشکاوی دەسنیشان بکەین:

١ -بنەمای زمانی کوردی، هیندی، فارسی، ئورووپایی و ... گشتیان دەگەڕێنەوە سەر یەک ڕیشە و بنچینەی تاک، بە دەستەواژەیەکی تر، بنەماڵەی زمانی هیند و ئورووپایی لەسەر یەک بنج و ڕیشەوە ڕواون و چەکەرەیان کردووە.

لەسەرەتای مێژووی کورد بەو جۆرە کە لە تایبەتمەندیەکانی ئاریاییەکان ناسراوە، بەهۆی ئەوەیکە لە ئەساسدا لەڕێگەی ڕاو و ئاژەڵداری دەژیان، بە تایبەتی بەهۆی دەستەمۆ کردنی ئەسپ، توانایەکی زیاتریان بۆ هاتو چۆ پەیدا کردووە و بەردەوام لەناوچەکانی تر بڵاو بوونەتەوە؛ کەوایە بەپێی ئەسڵی زانستی زۆرینەی پانتایی ڕەوا (M.P. ARE) زمانی سەرەتایی ئەو هۆز و گەلانە لەگەڵ ئەوەیکە بە سەر زاراوە گەلی جۆراوجۆر بەڵام لێک نزیک دابەش بوون زمان گەلی جیاوازی وەک فارسی، لاتینی، هیندی، ئاڵمانی و ... لێبۆتەوە ( و.س.گویوا،ترجمه ولی الله شادان،دستور زبان فارسی میانه).

پڕ ئاشکرایە، بە هۆی تێپەڕ بوونی کات و جودایی نێوان نیشتەجێیەکانیان و، هەروەها نەبوونی هاتوچۆ لە مابەینیان و بەرینایی ولآتەکانیان، جیاوازی و دژایەتی ڕواڵەتی نێوان ئەو بنەماڵەیەی پێک هێناوە، بۆیە گەزافە نایێت ئەگەر بگوترێ زمانی دایکی واتە دایکی زمانی هیند و ئورووپایی زمانی کوردی کۆنە.

٢ -لە نێوان بنەماڵەی زمانی هیند و ئورووپاییدا، زمانی کوردی کۆن (ئاڤێستایی) وەک تاکە زمانێکی کۆن دەدرەوشێتەوە.

٣ -کۆنترین زمانی ئاخافتن و نووسینی دەشتی ئێران و خاکی ئێران، زمانی ئاڤێستایی یا خود مادی کۆن بووە، هەر ئەو زمانە کە راستەوخۆ زمانی مادی و زمانی کوردی ئەورۆی لێ بەرهەم هاتووە.

٤ -سەرچاوەی هەموو زمانەکانی ئاریایی ئێران و گشت دیالێکت و زاراوەکانی، زمانی ئاڤێستایی و مادی کۆنە.

ئەگەر ئەوە بسەلمێنین کە زمانەکانی هیند و ئورووپایی وێرای پرەنسیپێکی هاوبەشی رێزمانی لەیەک ریشەوە سەرچاوەیان گرتووە، بە شێوەی سروشتی رووبەرووی ئەو پرسیارە دەبینەوە کە، وڵات و لانکەی خەڵکانی هیند وئورووپایی کوێیە؟

لە ماوەی چەند دەهەی سەردەمر، تاقمێکی بەرچاو لە زانایان بە تایبەتی زانایان و مێژووزانەکانی روومی T.GAMKRELIDZE- V.IVANO) ئەو گریمانەیان وە پێشَ خستووە کە لانکەی خەڵکانی هیند و ئورووپایی کوردستان و دەورووبەری کوردستانە، چوونکە هەر لەو دەڤەرە بووە کە نزیکەی دەهەزار ساڵ بەر لە ئێستا، کشت و کاڵ و راهێنان و رام کردنی ئاژەڵ و مەڕ و ماڵات هاتۆتە ئاراوە و لە سۆنگەی ئەو راهێنانە، شارستانییەت و زیاد بوونی حەشیمەت و پێکهێنانی ئەرتەش و تەکنیک و تەوسەعە و پێشکەوتوویی مرۆڤ لە رێگەی کۆچکردن وەدی هاتووە ( فرهنگ ریشە های هند و اروپایی زبان فارسی، منوچهر آریانپور کاشانی). دیارە ئاسەواری کۆنی دۆزراوە لە سەرتاسەری مەزووپۆتامیای کوردستانی گەورە لە وانە ئەشکەوتی شانەدەرێی هەولێر وهەزارمێردی سلێمانی ،بێستوونی کرماشان و گردی حەسەنلوو... ئەو گریمانەیە پشت ڕاست دەکاتەوە.

زمانی هیند و ئورووپایی، زمانی تاکی خەڵکانێک بووە کە نزیکەی چوار تا شەش هەزار ساڵ بەر لە ئێستا لە ناوچەیەکی سنووردار ژیانیان بەسەر بردووە، هە ر بەو هۆیەشەوە زمانی ئەو گەلە بەدوور لە زاراوە گەلی جیاواز و جۆراوجۆر بووە، یا خود زاراوەی ئەم زمانە گەلێک لەیەکترنزیک بوون. پایەی هۆکاری ئەو بۆچوونەش هەر وەک باسی لێکرا ئەوەیە کە، بەپێی پرەنسیپی زۆرینەی پانتای رەوا (بیشینە گسترەی مجاز MAXIMUM PERMISSIBLE AREA-)، ئەگەر بێت و جەغزەی پەرەسەندنی زمانێک بەرینایی هەبێت، زاراوە و پەراوێزەکانی ئەو زمانە هەر کامیان بە زمانێکی جیاواز و سەربەخۆ (تەبدیل) دەبن؛ هەر وەک زمانی لاتین بە زمان گەلی جیاوازی فەرەنسی، ئیسپانیایی، ئیتالیایی و ... دابەش بوون. بە بێ دڕدۆنگی ئەوە شتێکی گەلێک ئاساییە کە گورانکاری و لێکسوانی زمان لە گەڵ ئەوانەش ئاڵووێر و هەڵسوکەوتی نێوان زمان و زاراوەکان، نیشاندەری زیندووبوونی زمانە، ئەگینا زمانی پووکاو کە گورانی بە سەر دا نایەت.

زمانی کوردی و زمانی سەردەمی هەخامەنشی گرینگترین زاراوەی زمانی ئێرانی، زمانی کوردی کۆن یا خود ئاڤێستاییە، دوایش زمانی مادی و ئەو زمانە کە هەخامەنشیەکان لەوان وەریان گرتووە و لە مێژوودا بە هەڵە، بە زمانی فارسی کۆن، پارتی و ... ناویان لێ دەبردرێت.

دەربارەی زمانی ئاڤێستایی بێجگە لە پەڕتووکی ئاڤێستا، کە ئەویش لە قۆناغەکانی تری مێژوودا نووسراوەتەوە، شتێکی دیکەمان لەبەر دەست دا نییە، وشە و بەڵگە دۆزراوەکانی زمانی مادی و سکایی، لە چەند چەمکێک تێپەڕ نابن (سۆران). لە بارەی هەخامەنشی (مادی) کۆن دەتوانین بڵێین کە سەرچاوەی زمانەکانی ئێران، رۆژهەلاتی (بەلووچی، ئۆردوو، سەغدی و ...) و، رۆژئاوایی (فارسی کۆن، فارسی نێونجی و ئەمڕۆیی، کوردی نێونجی، پارتی، پەهلەوی و ... ) ن، کەوایە هەم فارسی و هەم کوردی، راستەوخۆ لە زمانی هەخامەنشی (مادی) کۆن جیا بوونەتەوە. دیاکۆنۆف لە زمان ئەستراباۆن دەنووسێت: "زمانی مادەکان لە گەڵ زمانی فارسی و پارتی و باکتەریا هەر یک بووە" و لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێت" :دەبێ زمانی ئاڤێستاش بە زمانی مادی لە قەڵەم بدەین" (ل٨٦-٨٥) تا دەگات بە فارسی کۆن و فارسی نێونجی کە هەر کوردی ئەورۆیە (تاریخ سیاسی و جغرافیایی مردم کرد،(از شرقی ترین تا غربی ترین)،غلام رضا انصاف پور،انتشارات مغان،١٣٧٩).

پێویستە بڵێین زمانی سەردەمی هەخامەنشی، کتومت پاشماوەی زمانی مادییە، ئەگەرچی تاقمێک لە پیتی وشەکان بە پێی تێپەڕبوونی کات و ئاڵوگۆری سروشتی زمان و هەروەها پرۆسەی تەکامووڵ و سادە بوونەوەی زمان، گۆڕانکاری تێدا کراوە. مخابن، فارسەکانی دەمارگیر و هەمەلایەنخواز، لە زمانی باوی چاخی هەخامەنشییەکان بە ناوی فارسی کۆن (فارسی باستان!) نێوی لێ دەبەن، ئەو رستەیە (فارسی کۆن) کە قوارەیەکی لێکدراوی مەنتیقی و قابیلی قەبووڵ نییە،

وەک هەڵەیەکی بە ئەنقەست لە مێژوودا جێ کەوتووە و تا رادەیەکی زۆریش جێی خوی کردۆتەوە، بۆ ئەوەیکە رۆژئاواییەکان و رۆژهەلآت ناسەکانیش لە زۆربەی کاتدا ئەوەیان کەوتۆتە ناو مێشک وکاوێژی دەکەنەوە.

بە هەر حاڵ، ئەسڵ و سەرچاوەی پارسی کۆن و فارسی ئەورۆیی، بە پێی وتەی زۆربەی زانایانی زمانناس و مێژووزانەکان وەک دیاکۆنۆف، مینۆرسکی، ...دەبێت لە ولآتی ماد بدۆزرێتەوە، چونکە زمانی کەتیبەکانی هەخامەنشی، داگری وشەی زۆری مادین، تەنانەت تاقمێکی بەرچاو، لەمەڕ ئەو باوەڕەن کە خەتی نووسینی کۆنی سەردەمی هەخامەنشیەکان، لە خەتی مادی کۆن یا خود خەتی مانابیەکانەوە وەرگیراوە، لەبەر ئەوەیکە خەتی نووسینیان واتە خەتی بزماری هەر بە تەواوی جیاوازی هەبووە (فرهنگ ریشەهای هند و اروپایی زبان فارسی، دکتر منوچهر آریانپور کاشانی). نۆڵدکە رای خۆی بەم جۆرە تۆمار دەکات: ئەگەر کەتیبەیەک لە کورد بدۆزرێتوە شیمانەی ئەوەی بۆ دەکرێت کە بە زمان و خەتەوە، کتومت هەمان نووسراوەی کەتیبەکانی پاشاکانی هەخامەنەشی بێت (تتبعات تاریخی راجح به ایران،دارمستتر، به نقل از تاریخ سیاسی و جغرافیای کورد،غلام رڤا انصاف پور ،ل٧١). لێکدانەوەی ووشەگەلی خواروو، ئەو راستیەگومان لێ نەکراوەمان پێدەڵێت. پیتی ( ژ )ی ئاڤێستایی لە زۆربەی هەرەزۆری ووشەکانی فارسی ئەورۆدا بە (ز) و (د)، (د) ش بە (ز) و بەپێچەوانە، گۆردراوە و لە کوردی بە تایبەتی کرمانجی ژووروودا هەر وەک خۆی ماوەتەوە.

زۆربەی پیتەکانی (پ)ی ئاڤێستایی بە (ف) و (ڤV) ش بە( F) گۆراوە. (س) بە (ش)ێ گۆردراوە.

(ه) بە (خ) گۆردراوە.

(گ) بە (ک) و (ج) گۆردراوە.

(م) بە (د) گۆردراوە.

(ش) بە (ز) و (ز)ێش بە (ژ) گوردراوە.

لە راستیدا ئەگەر زمانی چاخی هەخامەنەشی (بە هەڵە فارسی کۆن) لەگەڵ زمان گەلی ئێستای کوردی و فارسی بەرانبەریەکیان دابنێین، تێدەگەین کە زۆربەی هەرە زۆری ووشەکان، میناهی و وێکچوون و هاوسەنگەیکی بەرچاوی لەگەڵ کوردی هەیە، بە بێ قسە ئەوە داگری چەند نووکتەی گرینگە:

١ -ئەوەیکە زمانی هەخامەنەشی، کوردی و فارسی هەر کامیان بنزمان و زاراوەی زمانی ماددین.

٢ -نزیکترین زاراوە بە زمانی هەخامەنەشی و مادی، زمانی کوردییە.

٣ -ئەو دیاردەیەی کە ئێستا فارسەکان بە ناوی فارسی کۆن، دەیناسن و دەیناسێنن، لە راستیدا بە هەندێک گۆرانکاری سروشتی، هەمان زمانی کوردی کۆنە (واتا زمانی سەردەمی ماددەکانە).

**زمانی کوردی و زمانی پارتی**

زمانی پارتی کە بە نێو گەلی پەهلەوی، پەهلەوانی و پەهلەوی ئەشکانی و ... ناوی لێ بردراوە، یەکێ لە زمانەکانی نێونجی ئێرانیە. زمانەکانی ئێرانی لە ئیستیلاحدا بەو زمانانە دەگوترێ کە، دوای تێکچوون و هەڵوەشانەوەی هەخامەنەشییەکان ( ٣٣٠ - پ.ز ) لە ئێراندا برەوی هەبووە. لەو زمانە لە ناو دەقەکانی ( مانەوی) دا بە نێوی پەهلەوانێک، نێو بردراوە.

دەگوترێ لە سەرچاوەی کۆنی زمانی پارتی شوێنێک نەدۆزراوەتەوە. زۆربەی توێژەرەکان و زانایانی مێژوویی، ئاوا دەنووسن کە دوو پەڕتووکی یادگاری زەریران (پاتکار- یادگار زریران) و داری ئاسووری (درخت آسوری) لە بنەمادا بە زمانی پارتی نووسرابن، هەر دووی ئەو کتێبانە کە لە ساسانیەکانەوە بە جێ ماون، واژەگەلی "پارتی" تیاندا وەبەر چاو دەکەوێت (دکتر حسن رڤایی باغ بیدی،راهنمای زبان پارتی"پهلوی اشکانی"-ڵ٢٥).

تاقمێک لە زمانناسەکانی ئێرانی پێیان وایە کە پەخشانەکانی وەیس و رامین )فخرالدین اسعد گرگانی - قرن ٥ هجری) و هەندێک داستان و چیرۆکی ناو شاهنامەی فەردەوسی وەکوو بیژەن و مەنیژە لە بنەما دا پارتی بن، ئێمە لەسەر بنەمای ئەو خالآنەی کە لە درێژایی بابەتەکەدا باسیان دەکەین، وای بۆ دەچین کە زۆربەی ئەو چیرۆکانە و هەروەها کۆمەڵێک داستان

وبەرهەمی وەک شیرین و فەرهاد، لەیلی و مەجنوون، ناسر و ماڵماڵ، لاس و خەزاڵ و آرتای ویرافنامە، کارنامەی ئەردەشیری پاپەکان، و ... لە بنەڕەتدا بە زمانی کۆنی کوردی نێونجی نووسراون (فرهنگ فارسی به کردی_شکرالله بابان-ل٨).

مان (شاگردی (ئاندراس) بە هێنانەوەی شەش هۆکار و دەلیل، جیاوازی و ناکۆکی نێوان زمانی فارسی (نێونجی) و پارتی تاپۆ کردووە (و. س. گویوا، ترجمه ولی الله شادان، دستور زبان فارسی میانه- ل١٢). ئەگەر چی ئەوەش ئینکار ناکەین کە تەنیا بەڵگە و گەواهی بۆ ئەو بۆچوونە، لە یەک ریشە و بنەما بوونی ووشە گەلی پارتی لەگەڵ کوردی کۆن و ئەمڕۆ، هەروەها بۆچوون و کۆک بوونی مانا و ناوەرۆکی داستانەکان لەگەڵ چوارچێوەی فەرهەنگ و جیهانبینی کورد، لەسەر هێڵی تێکست و شێوازی (بازسازی (فەرهەنگی و پێکهەڵکێشانی بەشە وێکچووەکانی فەرهەنگی گەلان، ئێمە لە درووست بوونی ئەو رایە نزیکتر دەکاتەوە.

بە گشتی مێژووناسان و ئاسەوارناسەکان لەسەر ئەو رایە کۆکن کە دەسەلآتدارانی سلسلەی پارتی لە ئەساسدا ئێرانی و ئاریایی نین، بەڵکوو لە نەژادی زەرد (تورکەکانی مەغوول)ن، کە لە رێگەی باکووری ئێرانەوە پە لاماریان هێناوەتە ناو خاکی ئێران. گومان لەوە دا نییە کە زمانی ترکەکانی مەغوولی لە ریشەی ئاڵتایی - جغتاییەوە هاتووە و هیچ پێوەندیەکی لەگەڵ بنەماڵەی زمان گەلی هیند و ئورووپایی بە گشتی و زمانەکانی ئێرانی بە تایبەتی، نییە. ئەوە ئەمە دەباتە سەر ئەو باوەڕە کە بنەماڵەی پادشایەتی پارتەکان زمانی ئەو سەردەمەی ئێران کە هەمان زمانی کوردی کۆن بووە بە هەندێک ئاڵوگۆڕ و دەستێوەردان، پەسند کردووە و کاروباری خۆیان پێ راپەڕاندووە. بۆ نموونە دەتوانین ئەو گۆڕانکاریانە لە ئاڤێستایی بۆ فارسی کۆن! و پارتی بە نموونە بێنینەوە.

١- a (ئا )ی سەرەتایی و ناوەڕاست لە پارتیدا ماوەتەوە بەڵام لە کۆتایی ووشەکاندا لابردراوە، بەڵام ئەو پیتە لە کۆتایی زۆربەی ووشەکانی کوردی هەر وەک خۆی ماوەتەوە.

٢ -(ب )ی کۆن لە پارتیدا ماوەتەوە بەلآم لە نێوان دوو پیتی دەنگداردا بە ( واو ( W گۆردراوە.

٣- (Z) -ی ئەڤێستایی لە پارتی و کوردیدا هەروەک خۆی ماوەتەوە.

٤- (س)ی ئاڤێستایی و پارسی کۆن بە (ه) گۆردراوە. وشەی ئاڤێستایی «ئاسو «بە واتای توند و تیژ بە وشەی ئاهو بگۆر کراوە، بەڵام لە زمانی کوردی هەر وەک خۆی «ئاسک» ماوەتەوە.

پارتی فارسی کوردی

GAD می‌رسد دەگات

KAFT افتاد کەوت - کەفت

WAXT گفت گوتی- وتی- ئاخافتی

Roshn روشن ڕۆشن- ڕوون

لێرەدا بۆ روون بوونەوەی زیاتر ئاماژە بە کۆمەڵێک ووشەی دیکە دەکەین.

لە هەندێک بەڵگەی دۆزراوە لەو سەردەمەدا، دەقاودەق ووشەکانی کوردی ئەورۆ بەکار براون، بەجۆرێک کە ئەگەر بە کەسێکی کورد و فارسی ئەورۆی نیشان بدەی، کوردەکە بە بێ ئەوەیکەهەست بەوە بکات کە ئەو رستە و واژانە هی زمانی پارتیە، وەک کوردی ئەورۆ دەیخوێنێتەوە و لێی تێدەگات، بەلآم فارسەکان، جگە لەسەر راوەشاندن و سەرگێژە، هاڕەی لە پەرەی ناکاتەوە و بە قەولی پرۆفسۆر جەماڵ نەبەز، هەر لە کولەکەی تەریشدا چاویان پێنەکەوتووە و نەیانبینیوە.

لەناو بونچاقێکدا ئەو رستەیە بۆ نموونە دەتوانین بخەینە بەر چاو: (حسن رڤایی باغ بیدی، راهنمای زبان پارتی "پهلوی اشکانی"- ل١٣٩).

(...Azh raz bardaan ئەژ ڕەز بەردان ...) واتە لە رەزی بەردان

لاتین: ...Ej rej berdan

وشەی رەز هەر بە مانای باغی ترێ لە بونچاقی ئەورامانیشدا هاتووە.

لە هەندێک لاپەڕە دۆزراوەی کاتی مانەویەکاندا، کە باس لە داستانی بە سەلیب کێشانی عیسا دەکرێت، ئاوا نووسراوە:

«......Hêb zaanêd kû » هەر کەسێک بزانێت کە...

بێگومان ئەو نیوە دێرانە بە هەر کوردێک، کە ئاگاداریەکی ئەوتۆشی بەسەر زمانی رەسەن و دایکییدا نەبێت، نیشان بدەی بە سانایی لەوە تێدەگات، بە تایبەتی ووشەگەلی هێب (هەر کەسێک)، زانێد (بزانێت)، کوو (کە(، ئەژ (ژ - ژێ) لە لای کوردەکانی تورکیە هەر ئێستاش بە هەندێک گۆران هەر لەسەر زمانانە.

نزیکی و وێکچوونی زمانی پارتی و کوردی ئەمڕۆ تا رادەیەکە، کە دەتوانین ئەو دوو زمانە، دوو زاراوەی تەواو نزیک لە یەک زمان کە هەمان مادییە، بزانین، ئەگەر قەبووڵ بکەین کە کوردی و پارتی لە زمانی ئاڤێستایی و بە ئاشکرایی و رەبەق (مشخلّاً) لە ئاڵوگۆری پیت و فۆنەتیکی زمانی پارتی بەرهەم هاتووە. هەر بۆیەش دەڵێین کە، ئەو شتەی بە نێوی زمانی پارتی ئەشکانی دەیناسین، هەمان زمانی کوردییە کە خۆی لە خۆیدا لە زمانی کوردی کۆن واتە مادی هەڵگیرساوە. لێکچوونی یەکجار زۆری وشە و ریشەی واژەکان لەگەڵ کوردی ئەمڕۆیی ئەوە مسۆگەر دەکات و هەڵبەت ئەوەش دەتوانرێت لە کتێبی داری ئاسۆریک روونتر ببێتەوە.

**دەرئەنجام:**

هەرچەند بزر ناکرێ کە پشکنین و دۆزینەوەی بەڵگە و داکۆمێنتی بێ قرە، بەمەبەستی پۆلێنکردن و دەستنیشان کردنی زمانی کوردی، لە هەمان حاڵدا کە زۆر ناسک و کەرەستەیەکی پێویستە، گەلێک چەتوون ودەریایەک دژوارە، بەڵام لە دەرئەنجامی ئەو بابەتەدا، بەوە دەگەین کە زمانی کوردی کۆن و ئاڤێستایی (مادی) ماک و ریشە و سەرچاوەی زمانی کوردی بە ئەژمار دێت، ئەوەش خۆی لەخۆیدا پێوەندی و راپەرموونیەکی بێ ئینکار و لەپسان نەهاتووی بە شوناس و ناسنامەی نەتەوەی کوردەوە هەیە.

بێ گومان مەبەستمان ئەوە نەبووە کە بە شان و باهۆی زمانی کوردیدا بێینە خوار،بەڵام دیارە لە دەقی ناوەرۆکی ئەم وتارەدا هەوڵمان داوە، نیشان بدەین کە زمانی کۆنی ئاری (زمانی دایکی بنەماڵەی هیند و ئورووپایی) و دوایش زمانی ئاڤێستایی و کوردی کۆن تاکە زمانێک بووە کە لە مێزوپۆتامیادا دەورێکی سەرەکی گێراوە و بنەمای هەموو زمانەکانی پۆلی هیندی و ئورووپایی و شاخەی ئێرانی لە قەڵەم دەدرێت. بێ شک ئەو گریمانە راستیەمان کاتێک بۆ دەردەکەوێ، کە بە چاوێکی ژیرانە و دوور لە فەناتیک، سەرنج بدەینە سەر وشەگەلی کوردی ئاڤێستایی و کوردی نوێ و لەگەڵ ئەوانەشدا کێشان و بەرانبەردانانیان لەگەڵ مادی، پارتی، پەهلەوی و فارسی نوێ ئەو راستیەمان زیاتر بۆ دەسەلمێنێ.

* ئە و بابە تە (١٣٨٤-١٣٨٣ هە تاوی نووسراوە و) کورتکراوەتەوە و بە شێکێشی پێشتر بڵاو بۆتە وە.